# قرکردنی گەلێك کام هەڵوێستی پێویستە؟

سالار سۆفی
Baukilaue@hotmail.com

بە هەوڵ و تێکۆشانی کۆمەڵێك هەڵسووڕاوی بەدەربەست و پاڵپشتی خەڵکی دڵسۆز و هۆشیار و مرۆڤدۆست، خەریکە یادی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال، پێ دەنێتە قۆناغێکی تازەوە. ئەنجامدانی زۆرێك لە چالاکییەکان، لە چوارچێوەی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە و بەرزکردنەوەی چەند داواکارییەکی ڕیالیستییانە بە یەکگرتوویی، بەشێکن لە سیمای ئەم قۆناغە تازەیە.

دیارە بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەیەکی لەم جۆرە، ئەرکێکی ئاسان نییە و پڕە لە کێشە و ڕێگریی جۆراوجۆر. بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ڕێگرییانەشدا، پێویستیمان بە شیتەڵکردن و توێژینەوە و هەڵسەنگاندنی بەردوامی هەنگاوەکانی ڕابوردوومان هەیە. بەئومێدین ئەم نووسینەی ئێمەش هەنگاوێك بێت بەم ئاراستەیەدا.

## هەڵسووڕاوانی کەمپین لە ژووری پێشکەوتنخوازاندا

ئەگەرچی هەڵسووڕاوانی کەمپین، ئەوانەی لە ژووری پێشکەوتنخوازاندا بەشداری لە گفتوگۆکاندا دەکەن، ژمارەیەکی کەمن بە بەراورد لەگەڵ ئەو توانایەی کە کەمپینێکی لەم شێوەیە پێویستییەتی. بەڵام خۆشحاڵانە ئەم هەڵسووڕاوانە زۆر دڵسۆزانە و لەخۆبوردووانە، هەنگئاسا، کار بۆ سەرکەوتنی ئەم کەمپینە دەکەن.

## هەڵسووڕاوانی مەیدانی کەمپین

یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی ئەم کەمپینە لە هەڵسووڕانی مەیدانیدایە، کە وای کردووە لە زۆربەی وڵاتاندا چالاکییەکان بە ژمارەیەکی کەمەوە ئەنجام بدرێت. ئەمەش بەڕای من دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك کە لە درێژەی ئەم باسەدا دێمە سەر باسکردنی.

هەڵسووڕانی مەیدانی کارێکی سەخت و پڕ لە ماندووبوونە و لەخۆبوردوویی و پشوودرێژی دەوێت. جگە لەمانەش، لە کارێکی بەم جۆرەدا، دیبلۆماسییەتێکی باشیشی دەوێت کە بتوانێت زۆربەی کەس و لایەنەکان، بۆ بەشداری و ڕابەرایەتی لە چالاکییەکانی کەمپین ڕابکێشێت. بۆ ئەم مەبەستەش چاکتر وایە نوێنەرانی کەمپین لە وڵاتەکاندا، ناویان بە دوژمنایەتی سەرسەختی لایەنێك یان چەند لایەنێك دەرنەکردبێت، کە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوەی لایەنگرانی ئەو لایەنانە.

## سەربەخۆیی کەمپین

ئەم کەمپینە هەر لە بانگەوازی یەکەمەوە ویستی وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەربەخۆ بێتە مەیدان و هەوڵە پچرپچڕەکان کۆ بکاتەوە.

لە ژووری پێشکەوتنخوازاندا، ئەم سەربەخۆییە زۆر بە ڕێکوپێکی پارێزگاری لێکراوە و بەردەوامە. بەڵام جارجار، هەندێ کەس و لایەن، لە ئامانجە سەرەکییەکانی ئەم کەمپینە لایاندەدا و بەڕێوەبەرانی ژوورەکەش

وەك پێویست بەڕووی ئەم بۆچوونانەدا نەدەوەستانەوە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە داواکارییەکانی کەمپینەوە نەبوو.

ئەگەرچی خۆشحاڵانە ئەم شێوە گفتوگۆیە ئاراستەی کەمپینی نەگۆڕی و کاریان لەڕێڕەوەکەی نەکرد و لەئەنجامدا هەر سەربەخۆ مایەوە، بەڵام بێگومان کۆمەڵێك کەسی لە کەمپین دوورخستەوە.

پاراستنی سەربەخۆیی کەمپین کارێکی زۆر پێویستە و یەکێك لە گرنگترین ئەو پایانەیە، کە دەتوانێت لەداهاتوودا ئەم کەمپینە بکات بە ڕێکخراوێکی جەماوەری بەهێز و کاری زۆر گەورەتر لە ئەستۆی خۆیدا بگرێت.

## جەماوەریبوونی کەمپین

کەمپین وەك بزووتنەوەیەکی جەماوەری سەربەخۆی تازە، ئاساییە لە سەرەتادا جەماوەرێکی زۆری لێکۆنەبێتەوە. بەڵام هەوڵی لەکەدارکردنی سەربەخۆیی کەمپین، کە لە هەندێك شێوازی گفتوگۆدا بەرجەستە دەبێت، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ڕاکێشانی جەماوەر بۆ بەشداریکردن لە چالاکییەکانیدا.

هەر هەوڵێك بۆ دوورخستنەوەی هەر پارت و ڕێکخراو و کومەڵە و لایەن و کەسایەتی و کەسانێك، کە دەیانەوێت لەم چوارچێوەیەدا بەشداری بکەن، جگە لە تەریککەوتنەوە و دامرکانەوەی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە، ئەنجامێکی تری نابێت.

## بانگەواز و بەیاننامەکان

بانگەوازی (لە ژێر جامانەکەی عومەر خاوەر، شوێنی هەموومان دەبێتەوە) ، کاریگەرییەکی چاکی هەبوو لەسەر ڕاکێشان و کۆکردنەوەی جەماوەر لە کەمپین. ئەمە تەنها لەبەر ئەوە نەبوو کە بانگەوازی یەکبوونی دەکرد، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە بە شێوازێکی حەماسی گیانی هاوکاری و بەرپرسی لەناو هەمووواندا دەچاند.

هەمان ناوەڕۆك بەشێوەیەکی باشتریش لە بانگەوازی (با لە بەرانبەر چارنووسی١٨٢ هەزار مرۆڤی بێتاوانی کورددا بێدەنگ نەبین) بەدی دەکرێت، کەتێیدا هاتووە (داوا لە کوردەکانی هەندەران و ڕۆشنبیران و سەرجەم لایەن و حزب و ڕێکخراوەکان و هەڵسووڕاوانی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال دەکەین کە پێکەوە کۆببینەوە لە دەوری داخوازییەکانمان) . ئەمە ئەو گیانەیە، کە دەبێت بانگەواز و بەیاننامەی ڕێکخراوێکی جەماوەری پێ بنووسرێتەوە.

خاڵێکی گرینگی تریش ئەوەیە کە بزانرێت ئەو بانگەوازە، ئاراستەی چ چین و توێژ و بەشێك لە کۆمەڵگا دەکرێت و خاڵی سەرنجڕاکێش بۆ ئەو بەشە چییە.

بەڵام بەداخەوە لە هەموو بەیاننامە و بانگەوازەکاندا ئەم خاڵانە ڕەچاو نەکراون.

## هەڵوێستی پارت و لایەنەکان

بە کردەوە دەرکەوت، کە زۆربەی پارت و لایەنە سەرەکییەکان، تا ئێستا ئامادەنین ئەم کەمپینە بکەن بە پێشەنگی جەماوەری گشت لایەن و بیروبۆچوونە جیاوازەکان. بابەت ئەوە نییە کە ئەم لایەن ناسیۆنالیستە

©KurdistanNet

www.kurdistannet.org
05/04/2002 21:51

یان کۆمۆنیست یان هەر شتێکی تر. دیارە چەپڵەش بە یەك دەست لێنادرێت. ئەگەر نوێنەری لایەنێك، لە وڵاتێکدا، بەردئاسا ڕەفتار بکات، ئەو هاوکارییە تەنها بە نوێنەرانی کەمپین پێکنایەت.

بۆ نموونە لە فنلەند و لە یادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا کۆمەڵەیەکی سەر بە پارتێك، ئێوارەیەکی ماتەمینی گێڕا. لەوێدا جگە لەوەی نەهێڵرا باسێك لە کەمپین بکرێت، بڵاوکردنەوەی بانگەوازی کەمپین و تەنانەت ئیمزاکۆکردنەوەش لەدژی کارەساتی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، لە کاتی بەرنامەکەیاندا قەدەغە بوو. بۆ زانیاری ئەم پارتە نە پارتێکی ناسیۆنالیستی کوردی بوو و نە کوردستانیش. نموونەی تریش زۆرن.

پێدەچێت زۆر لە نوێنەرانی لایەنەکان لە دەرەوەی کوردستان، بڕیاری تەواویان بۆ نەچووبێت سەبارەت بە بەشداریکردن، یان نەکردن.یان ڕەنگە بەشێکیان بڕیارێکیان نەدابێت. بۆیە هەڵوێستی هەمان لایەن لە وڵاتێکدا نەرم و لە وڵاتێکدا ڕەقتر بووە. تەنانەت ئاستی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نوێنەرانی کەمپین و نوێنەرانی لایەنەکان، ڕۆڵی هەبووە لە هاوکاریکردن و پێکەوە ئەنجامدانی چالاکییەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا.

بە هەرحاڵ دەبێت هەوڵەکان بەردەوامبێت و چەند بارە بکرێتەوە

## یەك دەنگی

ئێمەی کورد وەك گەلێك کە کەوتووینەتە بەر هێرشی قڕکردن، ئەگەر بتوانین پێکەوە بە یەك دەنگ ناڕەزایی دەربڕین و داخوازییەکانمان بەرز بکەینەوە، کارێکی نموونەییمان کردووە. ئەمە ئاستێکی بەرزە لە هەستکردن بە بەرپرسێتی. بەڵام بەو پێیەی لایەنە ڕامیارییە جۆراوجۆرەکان، بەرژەوەندی جیاجیایان هەیە، هەر بەو پێیەش دەیانەوێت ئەم بۆنە و کارەساتانە بۆ داخوازیە ڕامیارییەکانی خۆیان بقۆزنەوە و ئەڵتەرناتیڤی خۆیان بەرز بکەنەوە. هەروەك هەڵوێستی تاکتیکی کاتیشیان کار دەکاتە سەر ڕادە و شێوازی بەشدارییان. لەگەڵ ئەمانەشدا، تا ئەو کاتەی ئەم لایەنانە هەست بەم بەرپرسییە دەکەن و درك بە پێویستی بەشداری ڕاستەوخۆیان دەکەن، لایەنی کەم، دەکرێت هەر پارت و ڕێکخراو و لایەنێك بە ناو و دروشمی خۆیەوە بەشدار بێت، بەڵام چالاکییەکان پێکەوە بکرێن و بە هێزێکی جەماوەریی زیاترەوە داخوازییەکانیان بخرێنە بەرچاو. لەم ڕووەوە دەبێت باسی ئەوە بکەین کە چەند پارت و ڕێکخراوێك لە چوارچێوەی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالدا، چالاکییەکانی خۆیان ئەنجام داوە و ئەم کەمپینەیان دەوڵەمەندتر کردووە، بەم هەڵوێستەیان سەربەرزییەکیان بۆ خۆیان تۆمارکردووە.

## کێ تاوانبارە؟

لەم ڕووەوە کەمپین چ لە بانگەوازەکانیدا و چ لە داواکارییەکانیدا، کێشەیەکی نەبووە لە سەر ئەوەی کە ڕژێمی فاشیستی عێراقی و سەرکردەکانی ئەم ڕژێمە خوێنڕێژە، تاوانباری ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەن لەم کارەساتانەدا. ئەگەر چی لە سایتەکاندا ڕای جۆراو جۆر دەخوێندرێتەوە، کە ئەمیش سوودی خۆی هەیە بۆ تاوتوێکردنی باشتری هۆ و ئاکامەکانی ئەم کارەساتانە و ڕێژەی بەرپرسێتی لە داهاتوودا.

بەڵام هەڵە و تاوانباری لایەنە ڕامیاریەکان و ڕژێمەکانی ناوچەکەش لە هەر ئاستێکدا بێت و بە هەر ڕێژەیەك بێت، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ڕژێمی فاشیستی عێراق، بەپێی نەخشە و پلانێکی ئامادەکراو، هێرشەکانی

www.kurdistannet.org
05/04/2002 21:51

ئەنفال و هەڵەبجەی ئەنجامداوە و ئەم هێرشانە بەشێك بوون لە هەوڵی ئەو ڕژێمە خوێناوییە، بۆ قڕکردنی گەلی کورد و ئەگەر بوواری زیاتری هەبووایە لەوە کەمتری پێنەدەکردین کە نازییەکان بە جولەکەیان کرد.

بۆیە دەبێت دروشمی ئێستامان دژ بە ڕژێمی فاشیستی عێڕاقی و قڕکردنی گەلی کورد بێت.

ژووری پێشکەوتنخوازان

ئەم ژوورە سەربەرزی ڕابەرایەتیکردنی ئەم کەمپینەی پێبڕاوە، بەڵام دەبێت زۆر وریابێت و نەکەوێتە ژێر ڕکێفی هیچ کەس و لایەنێکەوە. ئەوەی دەبێت لێرەدا بووترێت ئەوەیە کە پێویستە ئەم ژوورە لەکۆبوونەوەکانیدا، کات بەباسکردنی درێژی چالاکییەکان نەباتەسەر و زیاتر بووار بۆ نەخشە و کارەکانی داهاتوو تەرخان بکات. دەکرێت چالاکییەکانی کەمپین لە سایتەکاندا بڵاوبکرێنەوە و کەسانێکی زیاتریش بیانخوێننەوە.پێویستە زیاتر کات بەو بابەتانە بدرێت کە گفتوگۆ هەڵدەگرن. دیارە جارجار هەندێك لە چالاکییەکانیش پێویستییان بەڕوونکردنەوە هەیە و گفتوگۆ هەڵدەگرن. سەبارەت بە کاتیش، هەرکەسێك بۆی هەبێت ماوەیەکی کورت بدوێت و ئەگەر پێویستی کرد نۆرە بگرێتەوە.

بانگەواز بۆ کێ؟

پێویستە ئەم بزووتنەوەیە ڕوو لە سەرجەم خەڵکی کورد بکات. مەبەستم کوردی گشت پارچەکانی کوردستانە، بەتایبەتیش کوردستانی باکوور، کە هێزێکی جەماوەری مەزن و پتەون، ئەگەر بتوانین سەرنجیان بۆ کەمپین ڕابکێشین. دەبێت بانگەوازی ئەم بزووتنەوەیە تەنها بە خەڵکی کورد و پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکانیشەوە نەوەستێت، بەڵکو ڕوو لە ڕێکخراوەکانی پەناهەندەی وڵاتەکان و سەرجەم ناوەندە پێشکەوتنخواز و مرۆڤدۆستەکان بکات لە سەرتاسەری جیهاند.ا

ناوی کەمپینی ئەنفال و هەڵەبجە

ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە سەربەخۆیە، کارێکی باشی کرد کە ناوی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفالی هەڵبژارد، وەك سەرەتایەك بۆ دەستپێکردنی کارەکانی. بەڵام هەردوو کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی خەڵکی کوردستان، بەشێکن لە ستراتیژێکی شوفێنیستانەی ڕژێمە خوێنرێژەکانی ناوچەکە بۆ پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد.

بۆیە ناوی کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال بەرانبەر بە هەوڵی قڕکردنی گەلی کورد کورت دێنێت و کردارە ڕەگەزپەرستانەکانیان وەك ئامانجێك و بەرنامەیەکی نەخشە بۆکێشراو پێناسە ناکات، بەڵکو وەك دوو کارەسات کە ڕوویاندا و کۆتاییان پێهات دەخاتە بەرچاو.

بەم پێیە چاکتر وایە ئەم ناوە بگۆڕدرێت بە ناوێکی ڕادیکاڵانەتر و شیاوتر. بۆ نموونە هەڵمەتی دژ بە قڕکردنی کورد، یان هەر ناوێك کە ئەم ناوەڕۆکە لە خۆی بگرێت.

...............................بە هیوای بەردەوامی...........................

٢٠٠٢/٤/٥

©Kurdistan Net